# وەرگێڕان



**لەدوورگەیەکدا دەژیم،**
**ناوی زمانی عەرەبییە**

و. ئەکبەر حسەن



**سیاسەت، هونەر وێراندەکات**

و: مستەفا زاهیدی



**رۆمەن رۆلان**
**شارۆمەندی جیهان**

ئا: ئازاد بەهین

**جوانێك لەنێو پاسدا**

و.. عەبدولکەریم شێخانی

## چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەدۆنیس

# لەدوورگەیەکدا دەژیم، ناوی زمانی عەرەبییە



سازدانی/ کلارا خانیس
وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە/ ئەکبەر حەسەن

پەیوەندیی نێوان ئەدۆنیس‌و شاعیری ئیسپانی کلارا خانیس، تارادەیەك پەیوەندییەکی کۆنەو نامەگۆڕینەوە لەنێوانیاندا هەیە. بەلای کەمەوە گۆڤاری (ئەدمار) کە کلارا خانیس سەرپەرشتی دەکات‌و بەڕادەی پێویست لەڕێگای وەرگێڕانی بەرهەمی کەسە مەزنەکانەوە لەناساندنی ئەدەبی شەرقیدا، بەتایبەتی ئەدەبی عەرەبی، بەشداریکردووە، شایەتی ئەو پەیوەندییەیە. دوایین کارێك کە ئەو گۆڤارە ئەنجامیداوە، وەرگێڕانی دیوانی (ابی الگیب المتنبی)ە.

خوێنەر لەم تێکستە پاراوەدا ئاگاداری ئەو گفتوگۆیە دەبێت، کە لەنێوان ئەدۆنیس‌و خانیسدا کراوەو پاشکۆی کەلتووری (کەڵچراڵ) بڵاویکردووەتەوە.





ڕۆژی چوارشەممە فێستیڤاڵی گەورەی شیعری کۆسمۆپۆیتیکا دەستیپێکرد، کە لە(قرتوبە) هەتا ٢٢ی نیسان داهێنەرە جیهانییەکانی وەك زاگاجینسکی، هۆگۆ مۆخیکا، ئیدا بیتالی، گارسیا بابیناو کلارا خانیس شانبەشانی دەنگە گەنجەکانی وەك (قرناندیس مایۆ، ئەنتۆنیۆ لۆکاس‌و ئیلینا میدیل) کۆدەکاتەوە، بۆئەوەی شارەزای ئەزموونی شیعریی یەکدی بن. ئەستێرەی مەزنی ڕۆژانی ئەو فێستیڤاڵە ئەدۆنیس دەبێت، کە ترۆپکی شیعری عەرەبی‌و ڕۆشنگەرترین‌و بابەتیترین ڕۆشنبیریی جیهانی عەرەبییە. ئەدۆنیس خاوەنی چەندین قەسیدەی تازەیە، بەڵام هەرگیز دەستبەرداری ئەناقەتی نەریتەکانی نەبووەو هەمیشە نزیکە لەو وشە سافییەی کە ئەو چرکەیە دەیخوازێت. ئەدۆنیس لەم چەند دێرەدا کلارا خانیسی هاوڕێ‌و وەرگێڕ دەدوێنێت، کە لەپشت دوایین سەرکێشییەوە بووە، ئەویش وەرگێڕانی شیعرەکانی موتەنەبییە، کە بەهاوکاری میلاگروس نوین وەریگێڕا.. ئەو شاعیرەی کە لەباشووری بەغدا گەورەبوو و ئەدۆنیس لەکتێبە سەرەکییەکەیدا (الکتاب) تەماهی لەگەڵ کرد.

**داوات لێدەکەم دان بە بەرپرسیارییەکانتدا بنێیت: گورو تینت لەبەردەم هەیبەتی پیاوێکدا دایناوم، پیاوێك کە سواری ئەسپەکەی دەبێت‌و بەهەمان شێوەی خوێندنەوەی وتاری جەنگ لەبەردەم ئەمیردا، کە پێش ڕۆشتنی بۆ جەنگ لەبەردەم سوپاکەیدا سواری ئەسپەکەی دەبێت، قەسیدەکانی دەخوێنێتەوە.. بەو واتایەی ناچاری ئەم گۆڕانەت کردم..**

باشە، من ئەمەم وت: گۆڕان‌و وەرچەرخان بەشێوەیەکی حەمیمی پێکەوە پەیوەستن، گۆڕان لەهێزێکی ناروونەوە سەرچاوە دەگرێت‌و خوازەش سەرچاوەی لەدایکبوونی نوێبوونی هەمیشەیی‌و نوێکردنەوەی بەردەوامی بزووتنەوەی داهێنەرانەیە، کە دژیەکەکان لەخۆدەگرێت: خەیاڵ‌و واقیع، نامۆ‌و ئاشنا، دیارو نادیار... خوازە ناوە شیعرییەکەی گۆڕانە.

**ژیان وەك خوازەیەك وایە**

**ئەی ژیان، ئایا ژیان دەتوانێت خوازەیەك بێت؟**

ئەوەی کە مرۆڤ دەینووسێت، تەواوکەری جووڵەی ژیانە. ئەوەی لەژیاندا بنەڕەتییە، داهێنانە. خودی سروشت لەخولْقانێکی ئەبەدی دایە، لەنوێبوونەوەو گۆڕاندایە. بەم شێوەیە مەسەلەکە ڕێژەییە، تۆ لەم بەیتەی موتەنەبی رامێنە:

**غشيم الليالي ان تشكك ناقتي صدري بها افضي ام البيداء**

موتەنەبی شاعیرێکی عەرەبییە، کە بەباشترین شێوە یەکێتی نێوان هەڵویستی

سیاسییانەو هەڵوێستی شاعیرانەی دەستەبەرکردووە. دەڵێم هەڵوێستی سیاسی، چونکە ئەو تێکەڵاوی ژیانی سیاسەتی رۆژانە نەبووە. ئەو خەونی بەداهێنانی روانگەیەکی سیاسییەوە دەبینیت، کەبنچینەکەی روانگەیەکی شیعریی بێت. هەر لەبەرئەوەش دەبینیت شیعرەکانی لەیەککاتدا گوزارشت لەهەڵوێستی سیاسیو شیعریش دەکەن. موتەنەبی هەرگیز لەناوەڕاستدا نەوەستاوە. لەئێستادا بەخراپی شیعرەکانی تەئویل دەکرێن. باوەڕ وابووە شیعر بۆ بەدەستهێنانی پۆستو پارەو... بەکاردەهێنێت. ئەم تەفسیرە زۆر رواڵەتییە. موتەنەبی خۆی دەڵێت: بۆئەوە شیعرم نەنووسیووە، تا بە(کافور)دا هەڵبدەم، بەڵکو لەرێگەی پیاهەڵدانی کافورەوە رەخنەم لەهەموو کۆمەڵگا گرتووە، چونکە کۆمەڵگا ناچاریکردم بەرەو کەسێکی وەك کافور بڕۆم. دەشێت بوترێت پرۆژەی موتەنەبی دیدگایەکی سەرتاپاگیرو کارێکی گشتگیر بوو، گەرانەوە بوو بۆ شیعری جاهیلی، کەتەنیا گوزارشتی لەئەزموونی خودی نەدەکرد، بەڵکو گوزارشتی لەحەقیقەتەکانی جیهانیش دەکرد: حەقیقەت. بەڵام پاش هاتنی ئیسلام جێگە بەشیعر چۆڵکرا، چونکە ئەوە ئیسلامە کەحەقیقەت دەڵێت. حەقیقەت لەلایەن ئایینەوە دەوترێت، کەمافی مامەڵەپێوەکردنی هەیە.

**ئایا لەو ماوەیەدا گۆڕانی ریشەیی هەبوو؟**

لەو کاتەوە شاعیر ناچارە تەنیا قسە لەسەر هەستەکانیو ئەزموونە تایبەتییەکەی بکات. ئەوەی کە دەیکات، پەیوەندی بەپێشترەوە نییە. لێرەدا دابڕانیك لەنێوان فیکرو فەلسەفەو شیعردا هەیە. بێگومان شاعیرەکان گوێیان بەپێوەرە ئایینییەکان نەدا. ئەبو نەواس یەکەم کەس بوو کە وتی (نا)و بەئاشکرا گوزارشتی لەوەکرد، کە لەشیعردا ئەزموونی کەسی هەیە، کە لەگەڵ ئەزموونێکی فراوانتردا یەکیگرتووە. موتەنەبی رەزامەندبوو لەسەرئەوەی کە شیعر داهێنانێکی گەردوونییەو کەسێك دەیڵێت، کۆمەڵگاو گەردوونیش قبوڵیدەکەن. ئەمەیە بەشدارییە نا ئاساییەکەی.

بارمتەی دوو زیندان

**لەگەڵ ئەوەشدا چەند شیعرێکی موناسەباتی نووسیووە.**

ئەجۆرە شیعرە لەئەوروپاش دەنووسرێت. لەدەرباردا شاعیر هەبوون. سەبارەت بەعەرەب، شاعیر لەبری ئەوەی لەپێناو مشتێك پارەدا سواڵ بکات، کارێکی دەکرد. جگە لەموعەڕی، هەموو شاعیرەکان شیعریان بۆ فەرمانڕەواکان دەنووسی. ئەمەی دواییان دەڵێت: من زیندانی دوو زیندانم: ماڵەکەمو شیعرەکەم.. کاتێك (سیرۆن)ی شاعیر شیعرەکانی موعەڕی خوێندەوە، پێیوتم: ئەدۆنیس، ئەگەر بمزانییایە شاعیرێکی



ئاواتان هەیە، شیعرم نەدەنووسی، جگە لەدووبارەکردنەوەی ئەو شتانەی موعەڕی وتویەتی، هیچی ترم نەوتووە.

**با کەمێك لەسەر عەرووز قسە بکەین.**

شیعری عەرەبی لەدوانزە کێش پێکدێت. هیچ شاعیرێك هەموویانی بەکارنەهێناوە. هەر شاعیرێك بەپێی کەسێتی خۆی شیعری نووسیووە. دەبێت ئاگاداری ئەو جیاوازییە بین، کە لەنێوان قەسیدەی درێژو قەسیدەی کورتدا هەیە.

**بەڵێ، هەندێك قەسیدە هەن، کەچوارینەکانی خەیام دەهێننەوە یاد. بنەمای ئەمە چییە؟**

شاعیرە عەرەبەکان چوارینە بەکارناهێنن، واتە چوارینە تەنیا بەهۆی لاساییکردنەوەوە لەکۆتایی سەدەی هەشتەمو نۆیەمدا سەریهەڵداوە. دەبێت ئەوەش بڵێین کەچوارینەکان باش نەنووسراون.

**کلارا خانیس: ئەی ئەو ژمارە زۆرەی کورتە قەسیدە؟**

ئەدۆنیس: لەشیعری عەرەبیدا ژمارەیەکی زۆر قەسیدە هەن، کە لەچوار بەیت یان دوو بەیت تەنانەت لەیەك بەیتیشدا نووسراون، ئەو قەسیدانەش کاتێك دەنووسرێن، کەشاعیر باسی یەك شت دەکات: خوان، گوڵ، رەنگەکان...لەم بوارەدا پێشبڕکێی شیعریی سازدەکرا. لەبەرئەوەش هاوشێوەییەکی زۆر دەبینی لەگەڵ هایکۆدا. کەقسە لەسەر هایکۆ دەکرێت، وەك شیعری ژاپۆنی دادەنرێت، لەکاتێکدا هایکۆ لەئەسڵدا عەرەبییە.

**کلارا خانیس: هەرگیز خەیاڵم بۆ ئەمە نەچووە.**

ئەدۆنیس: عەرەب هەمیشە لەلایەن بێگانەوە فریودراون. سەیری کەلەپووری خۆیان ناکەن، بەڵام ئەوەی کەجێگەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کەلەهەمان کاتدا بەرگریی لەکەلەپوورو نەریت دەکەن، شەیدای هەموو شتێکی رۆژئاواییںو لاسایی دەکەنەوە، سەبارەت بەهایکۆش، عەرەب خۆیدایهێناوە، بەڵام بێئاگان لێی.

رینگا گەمەیەکی شیعریی عەرەبییو لەهەمانکاتدا گەمەیەکی ژاپۆنیشە. جارێکیان لەیونیسکۆ ئەم گەمەیەمان کرد، دە شاعیر لەدەوری خوانێك کۆبووبووینەوە، تۆ دەڵێیت: بیتا، کەسێکی دیکە بەردەوامی پێدەدا... لەو دیدارەدا وتم ئەم گەمە شیعرییە لەبنەڕەتدا عەرەبی بوو، بەڵام ئێستا بووە بەداهێنانێکی ژاپۆنی. ژاپۆنییەکان وتیان

ڕەنگە لەعەرەبەوە بۆمان هاتبێت، ئێوە دەستبەرداری بوون، بەڵام ئێمە بەردەوام بووین لەسەری.

**بەڵام هایکۆ جیاوازە لەکورتە بەیتی عەرەبیو ڕێگایەکی تایبەتی دەربڕینە، کە ڕێساو بنچینەی خۆی هەیە. ئەگەر دوو کەس لەلایەك پەیوەندییان بەست، ئەوا مەسەلەکە پەیوەست دەبێت بەو ساتەی کە دەستی بەسەردا دەگریت. ئەوەی باستکرد، خوان، شتێکە...لەبەر ئەوە دەبینی ئازادیی تیادا نییە.**

لەئامێزی شارستانیەتی عەرەبیدا چەندین شت هەن، بەو مانایەی سیاسەت عەرەبی بوو، بەڵام جیهانی عەرەبی تێکەڵەیەك بوو لەچەندین کەلتووری جیاواز: فارسی، کوردی، هیندی، هەموویان... کۆمەڵگای عەرەبی دەوڵەمەندییەکی وەهای بەخۆیەوە بینیووە، کەسیستمی سیاسیی تێدەپەڕێنێت، کەتەنیا عەرەبی یان ئیسلامی بووە.

**بەڵام تۆ باسی ئیسلامت کرد.**

بەدڵنیاییەوە هەندێکجار ئایین میکانیزمی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات بووە، هەمیشە میکانیزمێکی چاودێریکردنی کۆمەڵگا بووە. بەڵام پێویست نییە هاوشێوەیی لەنێوان سیستەمی سیاسیو کەلتووریدا دروست بکەین.

**گریمانی ئەوە دەکەم کە چەندین چرکە هەبووە، تۆ خودی خۆت پەنات بردووەتە بەر تاراوگە.**

تا ئێستاش تاراوگەکراوم، چونکە من تاراوگەکراوی ناو ئەو دوورگەیەم، کە ناوی زمانی عەرەبییە. شاعیرەکان، بیرمەندەکانو هەموو ئەوانەی شتێکیان هەیە بۆ وتن، بەجۆرێك لەجۆرەکان لەتاراوگەدا دەژین. بەڵام ئاشکرایە ساتێك هەبوو، ئەگەر لەو ساتەدا ڕەخنەت لەئایین نەگرتایە، دەتتوانی هەرچیت پێخۆشبووایە، بتکردایە. بەڵام ئێستا نا، تەنانەت گەر ڕەخنە لەئایینیش نەگریت، ئەوا ڕەخنە لەسیاسەت دەگریت.. سیستەمی سیاسیی دەستی خستووەتەسەر هەموو شتێك، ئابووریی، کۆمەڵایەتی.. تەنانەت ڕۆشنبیریش. لەبەرئەوەش هیچ ئازادییەك لەئارادانییە. ناتوانێت ڕەخنە لەئابووریی‌و پەروەردە بگریت، چونکە مەسەلەکە بەم شێوەیەیە. ناشێت بەبێ باسکردنی ئەو ئایەتانەی کەپەیوەستن بەئافرەتەوە، قسەلەسەر بارودۆخی ئافرەت بکرێت. جارێکیان لەگۆڤاری (مواقف)دا هەوڵماندا ژمارەیەکی تایبەت بەئافرەتی عەرەبی دەربکەینو هەوڵبدەین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە بۆچی ئافرەتی عەرەبی بوونی نییە؟ بۆچی خاوەنی جەستەو فیکری خۆی نییە؟ بۆچی لەهەموو ئاستێکدا





شوێنکەوتە؟ بۆچی؟ باشە، کەواتە بۆ دەستکەوتنی وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە پەنا ببەیتە بەر قورئان، بەلای کەمەوە خوێندنەوەی تێکستە ئایینییەکان. کەسێکمان نەدۆزییەوە حەز بکات لەو بارەیەوە قسەبکات. کەس بوێریی ئەوەی نەبوو. بۆ نموونە قورئان لەبارەی شایەتیدانەوە دەڵێت پیاوێك بەرامبەر دوو ژنە. بۆچی؟ بۆچی لەو خاڵەدا کە پەیوەستە بەمیراتو هاوسەرگیرییەوە...؟

بەو پێیە بڕیارمدا بڵێم بەسە. ئەگەر نەتوانین ئەوە بڵێین، کە پێویستە بیڵێین، باشتر وایە بێدەنگ بین. نا، ئەگەر نەمتوانی هەموو کێشەکانی کۆمەڵگا بخەمەڕوو، بۆئەوەی هەموو شتێك بخەمە بەردەم پرسیارکردنەوە، ئەوا بەردەوام نابم. ئەمە مانای ئەوەنییە کە جیهان کۆتاییهاتووە، بەڵام ڕەنگە بارودۆخی کۆمەڵایەتی هەرەس بهێنێت، لەم سیاقەدا خەڵك هەستدەکەن دیلن، بەڵام ژیان هەموو شتێك تێدەپەڕێنێت، هەروەها مێژووش. فەزڵی مرۆڤ ئەوەیە، کە ڕۆڵێك لەبزاوتی مێژوودا دەگێڕێتو دەتوانێت تێی بپەڕێنێت.

وتوویژی گاردیەن لەگەڵ (یەشار کەمال)

# سیاسەت، هونەر وێراندەکات



و: مستەفا زاهیدی

(یەشار کەمال) پیرە پیاوێکی ٨٥ ساڵە کە لەگەڵ بێهێزیی جەستەییدا راهاتووەو لەژووره شپرزەکەدا دانیشتووە. نووسەرێك کە بەشێکی زۆر لەخەڵکی تورکیا لایانوابوو یەکەم کەس دەبێت کە خەڵاتی نۆبل دەهێنێتەوە ماڵەوە. (عایشە بابان) چای دەهێنێت بۆ هاوسەرەکەی (یەشار کەمال)و دەڵێت: (تائێستا رۆژنامەنووسێکم نەدیوە پرسیاری کەم بپرسێت. یەشار! بهێڵە با ئەم کوڕە قسەکانی بکات).

(یەشار کەمال پیربووە، بەڵام هێشتا دەنگی تۆنێکی خۆشی تێدایەو کە قسەدەکات قسەکانی پڕن لەقسەی نەستەق و بەسەرهاتە راستەکان و حیکایەتەکان و شیعرە فۆلکلۆرییەکان. هەندێکجاریش دەست دەخاتە سەر گۆچانەکەی و دەوەستێت. نووسین بەمیرات گەیشتووە بە یەشار کەمال. باوکی زەمینداڕێکی گەورەی کورد بووە کە ساڵی ١٩١٥ هەڵاتووە بۆ ئاناتۆلیای خۆرهەڵات. شاعیرانی ناوچەکەو شیعرە فۆلکلۆرەکان یەکەم مامۆستاکانی یەشار کەمال بوون و ئەو سەردەمە کە تەنیا ١٤ ساڵی تەمەن بووە، یەکێك لەم مامۆستایانە داوای لێدەکات ببێت بەقوتابی ئەو. کەمال لەم بارییەوە





دەگێڕێتەوە: (مامۆستاکە پێیوتم رۆژێك دەبم بە)کاراکا ئاغلان(یکی نوێ). شاعیرو سترانبێژی ناوداری سەدەی حەڤدەیەم.

(یەشار کەمال) گوندەکەی باوکی جێدێڵێت و رووەدەکاتە قوتابخانە، کە لەگەڵ سێرڤانتس و چیخۆف و سەرەنجام ستاندال ئاستان بوو. ستاندال ئەو نووسەرە بوو کە یەشار کەمال لەسەرەتای رۆماننووسینیدا زۆری خۆشدەویست، بەشێوەیەك کە سەبارەت بەستاندال دەڵێت: (لەگوندەوە هاتبووم. لەهەموو شتێك دەگەیشتم، بەڵام دوای ستاندال لەگەڵ دنیایەکی نوێدا رووبەڕوو بوومەوە.) یەشار کەمال بە نووسین ئاشنا بوونی ئەو سەردەمی لەگەڵ ئەدەبی رۆژئاوا بە بەختێکی گەورەی ژیانی دەزانێت، بەڵام بە مەشەوە بە مێژووی بنەماڵەکەی و (چۆکۆرووا)ی سەردەمی منداڵی وەفادار دەمێنێتەوە.(یەشار کەمال) هەروەها بۆ نووسینی (حەمەدۆك) پڕ فرۆشترین بەرهەمی کە بە(رۆبن هوود)ی ئاناتولی دەناسرێت، تا رادەیەك لەو چیرۆکانە کەڵکی وەرگرتووە کە لە زمانی چەتەکانی دێکەیەوە بیستوونی. (سەلمان تەنها)ش بەپێی مەرگی باوکی کەمال، منداڵێکی هەتیووە کە ساڵی ١٩١٥ گەورەی کردووە، ئەو قەتڵەی کە خودی یاشار لەپێنج ساڵیدا شاهیدی بوو.

(ئاغایان أکچاساز) چیرۆکی قەرەجەکانی ساڵەکانی ٨٦٠ ی ناوچەی (چۆکۆرووا)یە، ئەم کتێبەش لەسەر بنەمای شیعرەکانی (دادائۆغلوو) شاعیری عاشقی سەدەی نۆزدەیەمی تورکیا کە نزیك بەزادگەکەی یەشار کەمال نێژراوە، نووسراوە. (یەشار کەمال) بەشێك لەشیعری (دادا ئۆغلۆو) دەخوێنێتەوەو بەدەستی راستی، ئاستی شیعرەکە نیشاندەدات و دەڵێت: (خودا نیشانەی خستەروو بۆ ئەوەی باوەرمان پتەوتر بێت، بەڵام چارەنووس وەهایە، فەرمان فەرمانی سوڵتانە)، کەمال لەدرێژەدا دەڵێت: (گوناهێك لەمە گەورەتر دەبینن؟)

( یەشار کەمال) بەو قسانەی کە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨ لەوتوویژ لەگەڵ رۆژنامەیەکی ئاڵمانیدا وتبووی، جارێکیتر سەرنجی خەڵکی تورکیای بۆ لای خۆی راکێشایەوە، چونکە وتبووی ئیتر هیچ هیوایەکی نییە بەپەیوەستبوونی تورکیا بەیەکێتی ئەوروپا، وتبووی: (یەکێتی ئەورووپاش وەك سەرجەم هێزە گەورەکانی جیهان دەڵاڵی جەنگە). بەمەشەوە (کەمال) وەك رۆماننووسێك هەردەم لایەنگری شوناسی نەتەوەیی خۆی بووەو بەگومانەوە چاوی لە ویستە رۆژئاواییەکانی تورکیا کردووە. دەڵێت: (رۆشنبیرەکانی ئێمە لاسایی رۆژئاواییەکان دەکەنەوەو خۆیان ونکردووەو هیچ شتێك دەربارەی ئاناتۆلیا نازانن و بەسووکایەتییەوە چاوی لێدەکەن. چاو لەنازم حیکمەت بکەن، ئەو شاعیری گەورەی تورکیایە، لە ئاناتۆلیا پێگەیشت و ئەو شاکارە بێوێنانەی نووسی).

(یەشار کەمال) لەساڵەکانی ١٩٥٠ دەستیکرد بەنووسین و لەسەرەتادا وتەکانی زۆرتر وەك جۆرێك پۆپۆلیسمی تئۆلستۆیی دەچوو و لەناو چەپەکانی تورکیادا بە زۆری پێشوازی لێدەکرا. (کەمال) هەر لەمنداڵیەوە لەسیاسەت تێنەدەگەیشت، کە بوو بەحەڤدە ساڵان کتێبی (کۆمۆنیست چییە؟)ی گرتە دەست و بەوتەی خۆی (تەنانەت یەك وشە)ی لێتێنەگەیشت. هەر لەو کاتەوە یەشار بوو بەسۆسیالیستێکی جیاواز و لەگەنجێتییدا دەستگیرکرا و کورتە چیرۆك و نۆڤلێتەکانی لەلایەن پۆلیسەوە دەستی بەسەردا گیرا. ساڵی ١٩٤٠ بەتاوانی سازدانی یەکێتی (تراکتۆر لێخورەکان) دەستگیرکرا و بەیاد دێنێتەوە:( تکام لەبەرپرسی پۆلیس دەکرد دەست نووسەکانی بۆ بدۆزێتەوە، ئەو لەوەڵامدا دەیگوت لە(کادێرلی) بەکارمان هێناوە بۆ رۆشنکردنی چرا).

یەشار کەمال ماوەیەك لەکەسە گرنگەکانی چەپی توندڕەو بوو، ساڵەکانی ١٩٧٠ دوورەپەرێز خرا، بەڵام کێشەکان هەر لەگەڵیدا مایەوە، ساڵی ١٩٩٦ لەبەر رەخنەگرتن لەسەرکوتکردنە وەحشیانەکانی تورکیە لەجەنگی باشووری رۆژهەڵاتدا و لایەنگری لەجیاخوازەکان بە٢٠ مانگ زیندان حوکمدرا. ژانوویەی رابردووش دوای ئەوەی ژمارەی کوژراوەکان لە٤٠ هەزار کەس چووە سەر، راگەیاندنەکانی تورکیە هێرشییانکردە سەر یەشار کەمال لەبەر داکۆکیکردنی لەکوردەکان لە شەڕی کورد و تورکیادا، چونکە ئەو وتبووی دەوڵەتی تورکیا بەم هێرش کردنانەی تەنها کێشەکان زۆرتر دەکات. یەشار کەمال لەکۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا لەئەنکەرە وتی: (بەگەریلاکان دەڵێن تیرۆریست و دەمانەوێت بەم شێوەیە چارەسەری کێشەکان بکەین، لەحاڵێکدا ئێمە بووین بەوڵاتێك کە دژ بەنەتەوەکەی خۆی جەنگ دەکات)ز

یەشار کەمال بەتوندیی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هیچکات گوشارە سیاسییەکان کاریگەریی لەسەر کارەکەی نەبووەو دەڵێت: (نووسەرێك ئەگەر بیەوێت تیکەیەك بگرێت بۆ قورگی نەبێت، کاری تەواوە). کەمال بەتوندیی دژ بەو کەسانەیە ئەو بەنووسەرێکی چەپ دەزانن و دەڵێت:(من هەردەم ستایشی ئیمێل زۆلا دەکەم، بەڵام رۆمانەکانیم پێخۆش نییە. رەنگە راستییە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی گرنگبن، بەڵام سیاسەت هونەر دەخاتە مەترسییەوە. من لەسەر وەها بابەتگەلێك نانووسم. من بۆ وەرگرێکی تایبەت نانووسم. من تەنانەت بۆ خۆشم نانووسم. من تەنها دەنووسم)ز

کە باس دێتە سەر سەرقاڵییەکانی زەردەخەنەیەك دێتە سەر لێوی و دەڵێت: (توخوا چاو لەئێمە بکە، هەموومان بووین بەمرۆڤگەلێکی نەزان و ئەحمەق، کە چاو لەچیرۆك





دەکەم داهاتوویەك نابینم، چونکە لەڕاستییدا هیچ داهاتوویەك بوونی نییە). یەشار کەمال لەسەر قەنەفەکە دەنووشتێتەوەو درێژەی پێدەدات :( بەڵێ، جۆری توورە بوون و یاخیبوون لەرۆمانەکانمدایە، بەڵام ئەمە بەمانای شۆڕشکردن نییە دژ بەمرۆڤایەتی. تا ئەو کاتەی مرۆڤ لەخاڵێکی تاریکەوە دەڕوات بۆ خاڵێکی تاریکتر، هەردەم ئەفسانە بۆ خۆی ساز دەکات. جیاوازیم لەگەڵ خەڵکانی تردا ئەوەیە من ئەفسانەکانم دەنووسمەوە).

پاڵەوانی چیرۆکەکانی یەشار کەمال، بەردەوام خەریکی ململانێیەکی ئێگزێستانسیالیستین، هەر ئەو ململانێیەی (چۆکورووا) بەدرێژایی تەمەنی لەگەڵیدا رووبەڕوو بوو. هەشتا ساڵ لەوە پێش گوندی (مێمیت) لەناو بیشەزار و جەنگەڵدا بوو، بەڵام ئەمڕۆکە بووە بەزەوییەکی رووت. ئیتر کۆچکردن نەماوەو بووە بەبەشێك لەمێژوو. کۆچەرە وەرزییەکان هێدی هێدی لەتەواوبووندان و حەکایەتە زارەکییەکانی خەڵکانی ئەو ناوچەیە تەنها لەزەینی پیرەپیاو و پیرە ژناندایەو لەوێوە دێتە دەر و لەکتێبخانەی گشتی ئەدەنە دەبێت بەکتێب. (مەبەست ئەوەیە ئەو حیکایەتانە لەلایەن کەسانێکەوە دەنووسرێن و دەکرێن بەکتێب، تەنها بەرەی کۆن ئاگاداری ئەو حیکایەتانەیەو بەرەی تازە لێیدابڕاوە. و-ك).

یەشار کەمال لەو کەسانە نییە کە خەریکی تیۆری دارشتن بێت. پێیباشە بەجێگای تیۆرییە ئەدەبییەکان دەربارەی رۆمانی (ئەفسانەی هەزاران کەل) قسە بکات. بۆ چەندین پشت و وەچە، بنەماڵەی حەیدەر، ئاسنگەر بون و ناسراو بوون بەدرووستکردنی شمشێری باش. حەیدەر بڕیار دەدات بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەر چەشنە پلە و پایەو پارەیەك بڕوات بۆ لای (رەمەزان ئۆغلوو) کورەزای پادشای ئەدەنەو باشترین دەستکردی خۆی پێشکەش بکات. حەیدەر دەرگای ماڵە هەژارانەکەی دەکاتەوەو دەڵێت، (رۆژێکی خۆشە!) ناو ناوبانگی حەیدەر بڵاودەبێتەوە بەوەی کە شمشێر دروستکەرێکی باشە و تەنانەت "عێسمەت ئۆینلوو(سەرۆك کۆماری ساڵی ١٩٣٨ دێتە لای و شمشێری لێ دەکڕێت، بەڵام بەرامبەر بەشمشێرەکە هیچ پارەیەکی پێنادات. حەیدەر تا نیوە شەو خەریکی کار دەبێت و بەیانی دراوسێکان تەرمەکەی دەبیننەوە. بەر لەمەرگ، فۆڕمێکی خراپی دابوو بەشمشێرەکە. یەشار کەمال لەم بارەیەوە دەڵێت: (چارەنووسی حەیدەر بەو لەتە ئاسنەوە بەندەو نەیدەتوانی زیاتر لەو کەسەی کە هەیە ببێت).

چیرۆکەکانی یەشار کەمال پڕە لەکەسایەتی دۆنکیشۆتی (quixotic figures)، بەڵام هیچ کامیان وەك نووسەرەکەیان وەك دۆنکیشۆت ناچن. کەمال ناسراوترین رۆماننووسی ناو وڵاتی تورکیایە، بەڵام وا دیارە زۆری بەسەردا تێپەڕیوەو ئیتر کەس

چاوەڕوانی ئەوە نییە خەڵاتی نۆبڵی پێ ببەخشرێت. تا ئێستا سی ڕۆمانی نووسییەو زۆر کەس بەشێکیان بەدووپاتی دەزانن و بەشێکی تر دەڵێن گەڵاڵەو کەسایەتییەکانی (یەشار کەمال)سەر بەدنیای کۆنی ئەدەبەو لەم ڕووەوە ناتوانێت لەگەڵی ململانێ بکات لەگەڵ فەنتازییا پۆستمۆدێرنەکانی ئۆرهان پامۆك. (postmodern fantasies of Orhan Pamuk)

(هێلمی یاووز)(Hilmi Yavuz) شاعیر و ڕەخنەگری ناسراوی تورك دەربارەی یەشار کەمال دەڵێت:(چیرۆکنووسێکی لێهاتووە، بەڵام کێشە لێرەدایە، دنیای گێڕانەوەی ئەو زۆر دوورە لەڕاستییەکانی ژیانی مۆدێرنی تورکیا. ئیتر تورکیا وڵاتێکی بچووك نییەو ئەو فەرمانەی ئاتاتورکیش کە وەرزێرەکان بن بەئەربابی ئێمە، ئیتر پێگەیەکی نییە). بەمەشەوە (یەشار کەمال) پاشەکشە ناکات و قەڵەمە نوێکانی سەر مێزی نووسینەکەی باس لەرۆمانێکی تازە دەکەن، ڕۆمانێك دەربارەی گواستنەوەی تورك و یۆنانییەکان دوای ساڵی ١٩٢٢(یەشار کەمال) دەربارەی ئەم کتێبە دەڵێت:"مرۆڤەکان لەمەرگ دەترسن، بەڵام لەچاو نووقانێکدا، هەمووومان دەمرین. ئەمە ئەو چیرۆکەیە دەبێت بینووسینەوە."

وتووێژەکە چوار کاتژمێری خایاند و ئێوارە داهات. (عایشە بابان) دەرگای ژووری میوان دەکاتەوەو دەڵێت:( بەو شتەی کە دەتویست گەیشتیت؟ دەبێت نانی شەو ئامادە بکەین.) زەینم پڕە لەحیکایەتە جیاوازەکان، بەرەو شەقامێکی خوارتر دادەگەڕێم و ئاگادارم کە لەژێر تایەکانی پاسێکی خێرادا پان نەبمەوە. کوتوپڕ بەخۆ دێمەوە، لەناوەڕاستی ئەستانبووڵدام نەك لەجیهانی پڕ لەتارمایی و خەیاڵی ڕۆژهەڵاتیدا.

سەرچاوە:
www.sibegazzade.com/main/?cat

وەرگێران





# ڕۆمەن ڕۆلان
# شارۆمەندی جیهان

ئا: ئازاد بەهین

ڕۆمەن ڕۆلان شارۆمەندی جیهان بوو. وڵاتەکەی بەراستی دڵی هەموو ئەو کەسانەیە کە خۆشیان دەوێت. هەموو ئەو کەسانەی کە باوەڕی پتەوو قایمیان عەشق بووە و دەمیان لەگەڵ تامی میوەی داری جیهانی –هاوڕێیەتی- ئاشنایە. هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ خۆشویستن ساتێك بێدەنگ نەبوون و هەموو بوونیان جیا لەو شتە نییە کە خۆشیان دەوێت و تەنیاو تەنیا حەقیقەتی ڕاستەقینەیان ژیانە.

ڕۆمەن ڕۆلان فەرهەنگێك بوو لەئیحساسات. گەنجینەیەك لەهارمۆنی ئیحساساتی جیاوازو هەندێجار ناکۆك و پارادۆکسیکاڵ. ئەو ئیحساساتی خۆی لەرووی ژیانەوە نەدەپێوا. دڵی ناسکی بۆ ئازارو دەردەی جیهانیان لێیەدا. بوونی سەرتاسەر جەنگ بوو لەگەڵ چارەنووسی تاڵی جیایی و تەنیایی و لەناوچوون و دابڕان.

خوڵقێنەری کەسایەتی ژان کریستۆف ٢٩ی ژانویەی ساڵی ١٨٦٦ لە شاری کلامسکی-نیۆری فەرەنسا چاوی بەجیهان پشکووت. ماڵی بنەماڵەیی ڕۆلان لەشەقامێك هەڵکەوتبوو کە ئەمرۆکە بەناوی شەقامی ڕۆمەن ڕۆلان دەناسرێ. هەر ئەو شەقامەی کە لەکتێبی ئانتوانێت ڕۆمانی ژان کریستۆفدا زۆرجار ئاماژەی پێکراوە. ناوی ڕاستەقینەی ئێل. سێنت جۆست بوو. ماری دایکی ڕۆمەن شەیدای مۆسیقا بوو و بەپێداگرییەکی زۆرەوە توانی هاوسەری سەرسەختی خۆی- ئەمیل- ڕازی بکات تا بەمەبەستی خوێندنی باشتری کورەکەیان بڕۆنە پاریس. مێردمنداڵی چواردە ساڵە دوای چوون بۆ دواناوەندیی سێنت لوییس لەگەڵ بەرهەمی نووسەرانێکی وەکوو ئێسپینۆزا و لیۆ تولستۆی ئاشنا بوو. لەمەکتەب ڕوویکردە فەلسەفە، بەڵام ڕۆحی سەربەخۆی

وەرگێران

هیچ کات نەیتوانی لەگەڵ فەلسەفە بسازێت هەربۆیە بە سەفەر بۆ ئیتاڵیا خوێندنی ئەکادیمیی خۆی لەبەشی مێژووی هونەرو مۆسیقیدا درێژە پێدا، تا لەکۆتاییدا دکتۆرای هونەری وەرگرت.

ئیتاڵیا، گەنجی وڵاتی گوڵی شەیدای خۆیکرد. سەرەرای ئەوەی کە نەیتوانی ماوەیەکی زۆر لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە کە حەزی لێیەتی، بەڵام هەر ئەم هەلە کەمە بووە هۆی شکۆفایی توانایی و لێهاتووییەکانی. هاورێیەتی لەگەڵ مالویدا وێن میسێنبێرگ بووە هۆی ئاشنابوونی لەگەڵ ئەندێشەکانی نیچەو واگنێر. ئەم دۆستە ئیتاڵیاییە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر رۆمەن رۆلان بوو بۆ ئەوەی کەروو بکاتە بواری ئەدەبی. لەدوای گەرانەوەی لەئیتاڵیا روویکردە وانە وتنەوەی هونەرو لەدوای تێپەرینی سێ ساڵ وانە وتنەوە لەمەکتەب چوو بۆ سۆربۆن و ئەمجارە مێژووی مۆسیقای هەڵبژار، بەڵام وانە وتنەوە بۆ رۆمەن رۆلان نەتەنیا چێژی نەبوو، بەڵکو بێزارو ماندووشیکرد تا ئەوەی کە وانە وتنەوەی وەلانا و روویکردە نووسین.

هاوسەرگیریی سەرنەکەوتووی لەگەڵ کلۆئید برئال لەدوای نۆ ساڵ ژیان کۆتایی پێهات و ژیانی هاوبەشی دووبارەی تەنیا لەدوای ٣٣ ساڵ تەنیایی، لەگەڵ ماری کوادچێف نیوە فەرەنسایی دەستپێکردو ئەمجار هاوسەرەکەی تا ٣٠ی دیسەمبەری ١٩٤٤ لەلای مایەوە.

رۆمەن رۆلان مۆسیقای بە ئاوێنەی بێ پەروای رۆح دەزانی. هەر لەسەرەتاوە بە تایبەت لەخوێندنی زانکۆ لەگەڵ مۆسیقا ئاشنا بوو. بابەتی دکتۆرای خۆی تەرخانکرد بە توێژینەوەی مێژووی ئۆپێرای ئەوروپایی پێش ژان باپتیس لۆلی و ئەلکساندێر و ئێسکارلتی و دوو کۆمەڵی بەرجەستەی رۆلان لەمێژووی مۆسیقادا کە ناوبانگێکی باشیان بە دیاری بۆ هێنابوو بریتین لە: مۆسیقا ژەنانی دوێنێ و مۆسیقا ژەنانی ئەمرۆ.

رۆمەن رۆلان لەنووسینی ژیاننامەدا دەستێکی بە توانای هەبوو. ژیانی –بتهۆڤن- هەندل- میکل ئانژ، گاندی و لیۆ تولستۆی، لەگرینگترین ئەو بەرهەمانەن کە لەم بوارەدا نووسیویەتی.

رۆحی مرۆڤ تا تاقینەکرێتەوە ناناسرێت و جەنگی جیهانی تاقیکردنەوەیەکی باشبوو. لەهەر چەشنە رەگەز پەرستی و نەتەوەخوازیی پاوانی دوورکەوتەوە. بە تەواویی مانا ئاشتی خواز بوو و حەز و ویستە ئاشتیخوازەکانی دوژمن و نەیارانێکی زۆری بە دژی دروستکرد. رۆمەن رۆلان لەحەقیقەتدا شارۆمەندی جیهانی بوو. وتارە ئاشتی خوازانەکانی رووی لەجیهانیان بوو و خواست و ویستەکانی دەست گەیشتن بە ئاشتییەکی راستەقینەو یەکێتی و ئارامی بوو. رۆلان بە ناچار چوو بۆ سویس و لەجەنگدا بەشدارینەکرد. ٢٣ساڵ لەتەمەنی خۆی لەوێ بەسەر برد و هەوڵ و خەباتی دژە جەنگی خۆی بە نووسینی بابەت و وتارگەلێکی وەکو - بانتر لەجەنگ- درێژە





پێداو بە دەرکردنی گۆڤاری –ئەوروپا- نارەزایەتی لەگەڵ بیرو بۆچوونی ناسیۆنالیستی دەربری.

لەژنۆ سەرقاڵی هاوکاریبوو لەگەڵ ئاژانسی پشتیوانی لەزیندانیانی جەنگ و لەگەڵ مهاتما گاندی و وۆلنیۆ سوییس چاوپێکەوتنی کرد. بە بانگهێشتکردنی ماکسیم گورکی سەفەریکرد بۆ یەکێتی سۆڤییەت و لەمۆسکۆ وەك باڵیۆزی نارەسمیی هونەرمەندانی فەرەنسا لەیەکێتی سۆڤییەت پێشوازی لێکرا. لەگەڵ یستالین چاوپێکەوتنی کرد، بەڵام هیچ کات نەهاتە سەر بیروبۆچوونی مادیگەرایی و سۆسیالیستی کۆمۆنیستی.

چالاکییە ئاشتیخوازانەکانی بوو بە بیانوویەك بۆ ئاشنابوونی لەگەڵ مهاتما گاندی و توێژینەوەی ژیان و بیرۆکەکانی. گاندی بە مەسیحێکیتر ناو دەبرد. گەلێك هۆگری وڵاتی رابین رانات تاگورو بوو. هێند هەر وەك دەلاقەیەك وابوو بۆی کە لەگەڵ دونیای نوێ و ئەندێشە نوێیەکان و سەرچاوەیەکی نوێ لەحەقیقەت ئاشنایدەکرد. زەینیەتێکی نوێ، باوەرێکی نوێ و خەڵکانێکی نوێ. گومان و دوو دڵیی دوێنێی رێی باوەری سبەی رۆژی خۆشکرد و ئەوەی لەتوێژینەوەی زەینی رۆلان دەزانرێت ئەوەیە، کە لەدوای تێکەڵبوون لەگەڵ رۆژهەڵات بیرو بۆچوونی بە ئایینی ئاسمانی و بە تایبەت مەسیحییەت زیاتر دەبێت. خاوەر بۆی پەیام هێنەری ئەندێشەیەکە کە لەچوارچێوەی چەمك و زەینییەتەکانی باختەردا مانای نییە. رۆمەن رۆلان لەئێراندا بە ناوی دوو کتێبی- ژان کریستۆف و جان شیفتە- دەناسرێتەوە. دوو رۆمان کە رۆلان ناوبانگی بە قەرزداری ئەوان دەزانێت. ژان کریستۆف لەحەقیقەتدا رۆمانێکی مۆزیکالە- رۆمانێك کە هەنگاوەکان و دەنگەکانی مۆسیقای لەلابەلای دێرەکانیدا حەشارداوە و کاتێك دێرەکانی دەخوێندرێتەوە وەك ئەوە وایە کە هەموو شتێك بچێتە ناو کەش و هەوایەکی تەمومژاوییەوەو مۆسیقا بە گوێ دەگات. رۆلان لەم کتێبەدا بە زمانی مۆسیقا دەدوێت و هەندێجار لەقسەو وتن دەکەوێت تەنیا دەژەنێت و نۆت و دەنگەکانی مۆسیقا دەخاتە چوارچێوەی وشەکانەوە. مۆسیقایەك کە هەندێجار مرۆڤ تووشی شادیی و هەڵپە دەکات.

ژان کریستۆف، مۆسیقا ژەنێکی ئەڵمانییە کە دوای تێکهەڵچوون لەگەڵ پۆلیس ناچار وڵات جێدێڵێت و کۆچ دەکات بۆ فەرەنسا. ژیانی ژان کریستۆف کرافت تارادەیەکی زۆر هاوشێوەی ژیان و ئەندێشەکانی بتهۆڤن و مۆتسارت و واگنەرە بەڵام لەوەی کە دیارە ژان کریستۆف زیاتر لەخالقی خۆی دەچێت تا لەکەسێکیتر.

لێکچوونێکی زۆر لەنێوان ژیانی خودی نووسەرو ژان کریستۆفدا هەیە. بۆ نموونە بە وتەی خودی رۆمەن رۆلان، کەسایەتی باپیری ژان تا رادەیەکی زۆر هاوشێوەی باپیری خۆی بووە. ژان کەسایەتییەکی ئاشتیخوازی هەیە، بەڵام ئێلویە تا رادەیەك ناسیۆنالیستە. رۆلان لەماوەی ژیانی خۆیدا لەگەڵ کەسێك بەناوی لۆیس ژێلە هاورێیەتی هەبوو کە ناکۆکی بیری لەگەڵ ئەو لەجیاوازی زەوقە بیرییەکانی ژان و ئێلویە دەچێت. رۆلان ناچێت بۆ جەنگ٠ ژێلە بە زەینییەتێکی پێچەوانەوە لەجەنگدا بەشداریدەکات. لویس

لەسەردەمێکدا لەهاورێکەی خۆی جیادەبێتەوە، بەڵام دووبارە یەکدەگرنەوە. هاورێیەتی ئەو دووانە هیچ کات کۆتایی پێنایەت و لویس لەدوای ٢٧ ساڵ بێدەنگی لەنامەیەکدا حەزی وەسفنەکردنی بە رۆلان رادەگەیەنێت. نووسینی کتێبی ژان کریستۆف هەشت ساڵی خایاند. دەکرێت بوترێت کە نووسەر لەماوەی ئەم ساڵانەداکەسایەتییەکانی چیرۆکەکەی پێدەگەیەنێت.

لەخوێندنەوەی ئەم کتێبەدا هەندێجار مرۆڤ خۆی دەنێتە جێگەی کەسایەتییەکانی چیرۆك و هەندێجاریش وا بیردەکرێتەوە کە رۆلان کەسایەتی گەلێکی جیاوازی لەچوارچێوەی کەسێکدا ئافراندووە. ژان کریستۆف نیشاندەری ئەندێشەو بیرو بۆچوونە ئاشتیخوازانەکانی رۆلانە تا ئەو جێیەی کە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتێك کە بەبۆنەی نووسینی ئەم کتێبەوە پێی بەخشرا، زۆرتر خەڵاتی ئاشتییە تا ئەدەبیات. رۆلان لەم کتێبەدا روودانی جەنگی نێوان دوو وڵاتی ئەڵمانیاو فەرەنسە پێشبینی دەکات و رێك دوو ساڵ دوای تەواوبوونی ئەم کتێبەیە کە جەنگی یەکەمی جیهانی دەستپێدەکات.

ئانت هەر وەك ژان کەسایەتییەکی تایبەتی هەیە. کەسایەتییەك کە بەبەراورد لەگەڵ ژان بەردەوامی و نەگۆری رۆحی زیاتری هەیە. جان شیفتەش هەر وەك ژان کریستۆف نموونەیەکی تەواوە لەکتێبێك کە بە رۆمەن فلۆ ناو دەبرێت لەبەر ئەوەیە کە هەر بەشێکی بە تەنیایی رووداوێکی جیای هەیە و لەهەمانکاتدا تەواوکەری رەوتی سەرەکی چیرۆکە. چیرۆك بەرە بەرە بیچم دەگرێت و ئانتیش لەزەینی نووسەردا پێدەگات. رۆمەن رۆلان لەکاتی وەسفکردندا دەچێتە ناو کەسەکەوەو رۆح و دەروونی کەسەکە وەسفدەکات. لەهەموو شتێك سەرنجراکێشتر ئەوەیە کە رۆلان لەوەسفی هەر دوو رەگەزدا ئەوەندە شارەزاو لێهاتووە کە ناتوانرێت رەگەزێك بۆ خۆی دابنرێت.

لەدوای گەرانەوەی بۆ فەرەنسا سەرقاڵی نووسین و توێژینەوەی ژیانی بتهۆڤن و چارلێز پێگی بوو و لەشاری وۆزلە بە هۆی نەخۆشییەکەوە کە لەمنداڵییەوە ئازاری دەدات، ماڵاوایی لەژیان کرد، تاجارێکیتر، لەشوێنێکیتر سەر لەنوێ لەدایك بێتەوە.

رۆمەن رۆلان نەمردووەو مەرگ هەمان درۆیە. لەبەر ئەوەی لەگەڵ عەشق لەپەیوەندیدا بوو و هەر شتێك کە پەیوەندی لەگەڵ عەشق بگرێت لەمەرگ رزگاری دەبێت. رۆلان تەنیا لەگۆرستانێکی بچووك لەدڵی ئەوانەی خۆشیان دەوێت نووستووەو چاوەروانی رۆژێکە کە چاڵ بشکێت و مردووەکان لەگۆرەکانی خۆیان بێنە دەرێ و زەردەخە بکات بۆ ئەو عاشق و مەعشووقەی کە یادو بیرەوەرییان وەك منداڵێك لەسکی دایکدا لەسنگیدا ئارامی گرتووە. ژیان بۆی خەمهێنەر نەبوو، بەڵام کاتێکی خەمینی هەبوو و بە هەموو ئەو رەنج و ئازارانەی کە دەیچێشت هەوڵیدەدا هەر ئەوە بێت کە مرۆڤ دەبێت ببێت.

**سەرچاوە:** نشریه ادبی جن و پری





# جوانێك لەنێو پاسدا

و. لەفارسییەوە. عەبدولکەریم شێخانی

تا ئەو رۆژە هیچ کەس بەرێوەبەری قوتابخانەی بەچاکی نەدەناسی، بێ گومان هەموو کەس سڵاوی لێ دەکرد، رێزیان لێ دەگرت، هەموو خەڵکی شارۆچکەکە دەیانزانی کەئەو، بەرێوەبەرە، بەڵام نە کەس هامشۆی دەکردو نە بەمیوانیی کەس دەچوو نە میوانداریی کەسیشی دەکرد، لەگەڵ خێزانەکەی لەخانوویەکدا دەژیا کە کەوتبووە ناو باخێکی گەورەوە، لەبەرئەوە ئەو رۆژە کاتێك کە خەڵکی شارۆچکەکە جەنابی بەرێوەبەریان بینی لەبەردەمی چایخانە پیاسەی دەکردو دەهات و دەچوو، سەریان سورما، جەنابی بەرێوەبەر بەپێچەوانەی هەمیشە، کە رووی گرژ بوو، ئەمرۆ رووخۆش و دەم بەپێکەنین بوو، بەدەنگی بەرز وەڵامی سڵاوی خەڵکی دەدایەوەو لەوەڵامی دوو سێ کەسدا کە چاك و چۆنییان لەگەڵدا کرد، گوتی: چاوەروانی میوانێکم کە بریاروایە لەشارەوە بێت.

لەشێوەی قسەکردنەکەیدا وا دیاربوو، باوکی یاخەزووری یان ژن برای دێت، چونکە هیچ ژنێك توانای ئەو رێیە خراپ و پر چاڵ و چۆڵەی شارۆچکەکەی ئێمەی نەبوو.

ئەو پاسە کۆن و چەپرەکەی لەو رێگایەدا هاتوچۆی دەکرد، زۆرجار لەشی بێ گیانی

نەفەرەکانی دەگەیاند.
گەنجەکانی شارۆچکە تا ناچار نەبوونایە، سەفەریان نەدەکرد... بەو شێوەیە، ئەوا حاڵی ژنەکان دیارو ئاشکرا بوو، گەنجەکان لەچایخانەکەدا سەرگەرمی یاریی کاغەزو تاوڵەو دۆمینە بوون، کاتێك کە پاسەکە لەدوورەوە دەرکەوت، هیچ کەس لەجێی خۆی نەجووڵا، نەیاندەزانی پاسەکە کێی تێدایە، یەکەم کەس کە لەپاسەکەدا دابەزی، مەسعوودی شوفێر بوو و ئەوەندە تۆزو خۆڵ لەسەرو گوێلاك و دەموچاو و جلەکانی نیشتبوو کە بەزەحمەت دەناسرایەوە، دوای ئەو راکۆی شاگردی شۆفێرو دوای ئەویش نەفەرەکان ماندوو و مردوو و تۆزاوی دابەزین.
جەنابی بەڕێوەبەر بەپەلە رایکرد بۆ لای پاسەکەو هاواری کرد: (شن گیان).
وەی، وەی چ بووکەشووشەیەك لەپاسەکەدا دابەزی کە تا ئەو رۆژە گەنجەکانی شارۆچکە وێنەی ئەویان تەنانەت لەسەر پەردەی سینەماش نەدیبوو!
جووتێ پێ و پووزی هەبوو کە ئەگەر (سۆفیا لۆرین) بیدیبایە، لەشەرمان دەبوو بەئاو، کەمەری ئەوەندە باریك بوو کە بریجێت باردۆ شەرمی دەکرد لەتەنیشتی بووەستێ. سینگە بەرجەستەو سپییەکەی لەژێر بلووزە زەردو چەسپاوەکەی شەڕو جەنگی لەگەڵ سینگی راکۆئێل وێلش بەرپا دەکرد، خۆ سەبارەت بەچاوە شینەکانی و لێوە گۆشتنەکەی نەدەکرا، هیچ کەسێك هاوتای بکات، هەر ئەوەندە چاوی بەجەنابی بەڕێوەبەر کەوت، بەدەنگێکی بەرز پێکەنی:
-مێردی خوشکە خۆشەویستەکەم.
لەجیهاندا هیچ خۆشبەختییەك لەوە زیاتر نییە کە مرۆڤ مێردی خوشکی جوانێکی وەکو ئەمە بێت.
نەك هەر تەنیا دەنگی جام و دۆمینەو کاغەزی یاری و دەنگی دانیشوانی چایخانەکە کپ بوو، بەڵکو دڵی چایخانەکە لەجووڵە کەوت.
لاوەکانی شارۆچکە کە تا ئەو رۆژە (مینی جۆب) یان تەنیا لەنێو رۆژنامەو شاشەی سینەما دیبوو، کاتێك کە لەپڕ مینی جۆب پۆشیان بینی، دەمیان یەك بست کرایەوە. هەموو لەچایخانە هاتنە دەرێ و بۆ سەیرکردنی ئەو بووکە شووشە شۆخە نازدارە وەستان.
(شن گیان) باسی خراپیی رێگاکەی دەکرد:
-رێگاکە زۆر خراپ بوو، بەڵام لەبەر خاتری ئێوە، لام هیچ نییە، بەڕاست خوشکم چۆنە؟!!
-سوپاس بۆ خوا، زۆر باشە.
شاگردی شۆفێرەکە جانتای (شن گیان)ی داگرت:



-فەرموون.
جەنابی بەڕێوەبەر جانتاکەی وەرگرت (شن گیان)یش جانتا سوورەکەی کردە شانی و بەرەو ماڵەوە کەوتنە رێ.
لاوەکان دووبارە چوونەوە چایخانەو لەپشتی مێزەکانیان دانیشتنەوە، بەڵام هیچ کامێکیان حاڵ و حەوسەڵەی یاریکردنی نەبوو، نەیاندەزانی کێ چەندی هەبووە! کێ پارەی داوەو کێش نەیداوە، کەس ئاگای لەهیچ شتێك نەبوو!! بەتایبەتیش کە سەکنی شووفێرەکە هاتە نێو چایخانەکە، هەراو هۆریای لاوەکان گەیشتە ئەوپەڕی، هەموویان چاویان بەدەمی (راکۆ)وە دوورابوو:
-وای!.. بینیتان چی بوو؟! ئەرێ فریشتەش بەو جوانییە دەبێت؟!! بەدینم، ئەوە چەند ساڵە لەپاسدا کاردەکەم، شتی ئاوام نەدیوە.. ئێوە نازانن لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا چی دەکرد؟! چەند جوان و شیرین پێدەکەنی.. لەئەسلا ئێمە نازانین کەی لەئەستەنبوڵ بەڕێکەوتووین، چۆن بەو هەموو رێگایەدا هاتووین، وەی، وەی.. جێتان خاڵی، کە لەچایخانەی (کانی خەنەیی) دابەزین نانی نیوەڕۆ بخۆین، چیم دی؟!!.
لیك بەلچ و لێوی گەنجەکاندا هاتەخوار، هەموویان لەدەوری (راکۆ) کۆببوونەوە، دووسێ کەس یەك دەنگ چایەچییەکەیان بانگ کرد:
(ئەها، کوڕە وەرە بزانە راکو چ دەخواتەوە).
چایەچییەکە چای و شیرو شتی دیکەی هێناو خۆیشی لەتەنیشت لاوەکان وەستا، راکۆ دەستی بەقسەکردن کرد:
کە گەیشتینە بەردەمی چایخانەی کانی خەنەیی، گوتم (خوشکێ، بۆ نان خواردن و ساردبوونەوەی ئۆتۆمبێلەکە سەعاتێك دەوەستین، تەشریف بێنەو دابەزەو شتێك بخۆو دەست و دەموچاوت بشۆو کەمێك هەوای پاك هەڵمژە، دەتگوت دەترسێ: (خۆ کەس بێزارم ناکات؟) گوتم (هەڵە دەکەن گەر شتێك بڵێن، یا قسەیەك بکەن).
بڕوا بکەن ئەگەر لەو کاتەدا پێویستی بکردایە، لەبەرخاتری ئەو زەلام بکوژم، یەك دەقیقە دوا نەدەکەوتم، هەستاو هات و کاتێك کە ویستی لەپایەی پاسەکە دابەزێ، دەستی خستە سەر شانم.. نازانم چیم بەسەر هات، سەرم گێژبوو.
یەکێك لەکوڕەکان پرسی:
-بۆ سەرت گێژبوو؟!
راکۆ بەتوندی سەیرێکی کرد:
-بۆی پێ ناوێت، دامێنی هەڵکێشاو رانە سپییەکانی دەرکەوتن، هەموو گەنجەکان بەسەر راوەشاندن قسەکانی راکۆیان پەسندکردو هەریەکەی شتێکی دەگوت:
(هەقی خۆت بوو).

(منیش بوومایە، حاڵم خراپ دەبوو).
(بێ گومان مرۆڤ حاڵی تێکدەچێت).
یەکێك لەگەنجەکان ئاماژەی کرد تا هەموو بێ دەنگ بن و پرسی:
-باشە، دوای ئەوە چی بوو؟!
راکۆ پێکەنی:
-ئەوەی دیکە دەترسم شەوێ خەوتان لێ نەکەوێت!!
چەند کەسێك بەیەك دەنگ هاواریان کرد:
-کورە باسی بکە، خۆت گێل مەکە!!!
کاتێك راکۆ دانیشتنی کچەکەی لەقەراغی کانی و نانخواردن و راکشانی ئەوی باس دەکرد، گەنجەکان وەك کەسانی جادوو لێکراو بێ دەنگ بوون و جووڵەیان نەدەکردو هەناسە لەبەر هیچ کەسێك نەدەهاتە دەرێ و هەریەکەیان نوقمی بیرکردنەوەی خۆشی خۆی بوو.
(فەتحی) لەپڕ لەجێی خۆی هەستاو گوتی:
-برادەرینە.. با بچینە ناو پاسەکەو ئەو شوێنە ببینین کە ئەوی لێ دانیشتبوو.
راکۆ بەتوورەیی و نارەحەتییەوە بەردەمی لێگرت:
-نابێت، ناهێڵم کەسێك بچێتە ناو پاسەکەوە.
-باشە ئەی چۆن دەبێت؟! ئێمە تەنیا دەمانەوێت ئەوێ ببینین.
سەرەنجام کورەکان راکۆیان رازیکردو بیست گەنج چوونە ناو پاسەکەوە. راکۆ گوتی:
-سەیرکەن.. لەسەر ئەم کورسییە دانیشتبوو و پاڵیشی بەم پەنجەرەیە دابوو.
(ئەکبەر قۆزی) سەری بردە پەنا گوێی راکۆ و گوتی:
-لێم گەڕێ با یەك دەقیقە لەوێ دانیشم، بەناموسم سوێند دەخۆم دوو هێلکەت دەدەمێ.
راکۆ رازی نەبوو:
-نابێت.
-سێ هێلکەت دەدەمێ.
هەر یەك لەگەنجەکان بەڵێنی شتێکیان بە راکۆ دەداو کەمێك لەسەر کورسییەکە دادەنیشتن.
ئیدی لەو رۆژە بەدواوە، گەنجەکان لەبەختی (شن گیان) یارییان دەکرد، ئەگەر یەکێك دوو وشەی لەزار بهاتایەتە دەرێ، یەکێکیان (شن گیان) بوو:
-بەڕاست کورینە، دەزانن ئەمڕۆ (شن گیان) کوولەکە دەخوات؟
-ئەمەت لەکوێ زانی؟





-ئەم بەیانییە جەنابی بەڕێوەبەر کوولەکەی دەکڕێ.
-کەواتە ئێمەش دەبێت ئەمڕۆ کوولەکە بخۆین.
تا ئەو رۆژەش کەس هەقی بەسەر جەنابی بەڕێوەبەرەوە نەبوو، بەڵام ئێستا هەموو گەنجەکان هەر کە ئەویان دەبینی رێزیان لێ دەگرت و سڵاویان لێ دەکرد، تەنانەت هەندێك شت کە جەنابی بەڕێوەبەر لەبازاڕ دەیکڕین، بەزۆر لەدەستیان وەردەگرت و بۆیان دەبردەوە ماڵەوە بەو هیوایەی (شن گیان) ببینن.
هەر یەکێك لەو لاوانەی ئەو شانازییەی بەر کەوتایە دەستبەجێ دەگەڕایەوە بۆ چایخانەو ئەوەی کە دیبووی بۆ ئەوانی دیکەی دەگێڕایەوە:
-کورینە، خۆی هات دەرگای کردەوە، نازانن چەند جوان ببوو!
-چی لەبەر کردبوو؟!
-لەو شتانەی وەکو شووشە وان.. هەموو لەشی دیاربوو.
-ئای.. ئامان، خۆزگەم بەخۆت.
-کاتێك کە سەبەتەکەم دایە دەستی، سەری پەنجەی بەدەستم کەوت.. لەشم ئاگری گرت.
-باشە.
-بەڵێ، دوای ئەوە بایەکی بەهێز هەڵی کرد، چ بڵێم، چۆن بوو!!
-کورە قسە بکە. ئەوە بۆ لاڵ بووی؟!
-نابێت، ناتوانم.
رۆژانی یەکەم هەر چییەك دەیانگوت راستییەکی تێدا بوو، بەڵام قسەکانیان وردە وردە شێوەو رەنگی ئەفسانەیان بەبەردا کرا، هەر یەکە هەوڵی دەدا باس و خواسی هەوەس بزوێنتر لەبارەی (شن گیان)ەوە دورستبکات و بۆ ئەوانی دیکەی بگێڕێتەوە.
(فەتحی) کە لەهاوڕێکانی ساویلکەتر بوو، رۆژێك سەیردەکات جەنابی بەڕێوەبەر بەسەبەتەیەکی پڕ شتوومەك و کۆمبارێکەوە لەماڵەوە دێتە دەرەوەو فەتحی تێ دەگات کە خانەوادەی جەنابی بەڕێوەبەر نیازی چوونەناو باخ و دەرو دەشتیان هەیە.
بەبێ ئەوەی بەکەس بڵێت دەکەوێتە دوایان و بەخۆ شاردنەوە لەپەنا دارو درەخت و دەرو دیوار، وەك سێبەر بەدوایاندا دەڕوات.
جەنابی بەڕێوەبەرو خێزانەکەی دەچن بۆ قەراغی کانییەك لەناوەڕاستی دارستانێك و بەمێشك و دڵی ئاسوودەوە کە لەبەرچاو و خۆ تێ هەڵقورتاندنی کوڕوکاڵان، لەخۆیان ئەمیندەبن، جل و جۆری خۆیان رادەخەن.
فەتحی بەچالاکی سەر دارێك دەکەوێت و خۆی لەنێوان لق و گەڵای دارەکە دەشارێتەوە.

دوای ئەوەی کە نانی نیوەڕۆ دەخۆن، (شن گیان) بڕیار دەدات کە بەمەلەکردن لەڕووبارەکە خۆی فێنك بکاتەوەو دەچێتە پشت ئەو دارەی کە فەتحی خۆی لەسەر شاردۆتەوە تا جلەکانی داکەنێ و مایۆ بپۆشێ.

فەتحی بەڕادەیەك شڵەژان دایدەگرێت کە نزیك دەبێت بکەوێتە خوارێ بۆ سەر زەوی، بەڵام بەزۆر خۆی دەگرێت.

(شن گیان) بەڕاکردن خۆی هەڵدەداتە ناو ئاوەکەوەو ماوەیەك مەلە دەکات، دوای ئەوە دێتە دەرەوەو لەسەر ئەو چیمەنە رادەکشێ.

فەتحی بەدیتنی ئەو دیمەنە، سەری گێژ دەبێت و خۆی بۆ ناگیرێت و وەك پارچە گۆشتێك لەسەر دارەکەوە دەکەوێتە خوارێ.

(شن گیان) دەقیژێنێ و خۆی دادەپۆشێ، جەنابی بەڕێوەبەر هەڵدەکوتێتە سەر فەتحی، بەڵام فەتحی کە نیوەگیان و بێهۆش کەوتبووە سەر زەوی پێویستی بەتەمێکردن و لێدان نەبوو.

جەنابی بەڕێوەبەرو خێزانەکەی بەخەمباری و نارەحەتی دەگەڕێنەوە ماڵەوە... فەتحی دوو هەفتەی تەواو دەکەوێتە ناو جێگەوەو هەموو رۆژێك سەدجار سوپاسی خوا دەکات کە تووشی دڵوەستان نەبوو، چونکە ئەگەر رۆستەمی زاڵیش لەجێی ئەو بوایەو ئەو دیمەنەی بدیایە دەستبەجێ دەمرد.

ماوەی دوو سێ هەفتە هەموویان لەچایخانە هەر باسی ئەو مەسەلەیان دەکرد، گەنجەکان لەدەوری فەتحی کۆدەبوونەوەو هەر یەکە داوای شتێکی بۆ دەکرد تا فەتحی رووداوی ئەو رۆژەیان بەدوورو درێژتر بۆ باس بکات! فەتحیش کە بەڕاستی کەوتبووە ژێر کاریگەریی رووداوەکەی ئەو رۆژە، تەنانەت بۆ تاوێکی کەمیش لەبیرکردنەوەی (شن گیان) بێ ئاگا نەبوو و هەر ئەوەندە لەقسەکان دەبۆوە، دەچووە لای ماڵی جەنابی بەڕێوەبەرو ماوەیەکی زۆر لەژێر پەنجەرەی ماڵەکەیان دەهات و دەچوو.

رۆژێك لەکاتی ئەو ئێشکگرتنە عاشقانەیەدا کاغەزێکی لوولکراو لەپەنجەرەی ماڵی جەنابی بەڕێوەبەرەوە دەهاوێژرێ و دەکەوێتە بەرپێی فەتحی، فەتحی کاغەزەکە هەڵدەگرێتەوەو دەیکاتەوە، بەخەتێکی ژنانە ئەم رستانە لەکاغەزەکەدا نووسرابوون:

(خۆشەویستەکەم، من لەژیانی خۆمدا لاوێکی وەکو تۆ وەفادارم نەدیوە.. نیوەشەو لەپشت دەرگای باخی ماڵەوە چاوەڕوانتم).

فەتحی لەدڵی خۆیدا دەڵێت کە بێگومان فرۆفێڵێکیان بۆ سازکردووە.. جەنابی بەڕێوەبەر نەخشەیەکی بۆ کێشاوەو لەبەر رووداوەکەی ئەو رۆژەو ئەو قسانەی بۆ گەنجەکانی کردووە، دەیەوێت تۆڵەی لێ بکاتەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانێت چاوپۆشی بکات و نیوەشەو دەچێت بۆ لای ماڵی جەنابی بەڕێوەبەر، دوای چەند دەقیقەیەك دەرگای باخ دەکرێتەوەو شن گیان بانگی دەکات بۆ ناو باخەکە.





فەتحی چاوپۆشی لەهەموو شتێك دەکات، تەنانەت لەگیانی خۆیشی و دەچێتە ناو باخەکەوە، شن گیان باوەشی پێدا دەکات و یەکەم ماچیان سەعاتێك درێژەدەکێشێت. دووەم ماچ دوو سەعات دەخایەنێت!! کچە وەك بنێشت بەفەتحییەوە نووساوەو لێی نابێتەوە، بۆ سبەینێ فەتحی دیسان نەخۆش دەکەوێتەوە، ئەم جارەیان، نە قسە لەگەڵ کەسدا دەکات و نە دەشچێتە چایخانە.

لایەکی شەپڕەی لێداوەو زمانیشی بەتەواوەتی گۆ ناکات، ویستیان بینێرن بۆ شارو لەنەخۆشخانە بیخەوێنن، بەڵام سەفەرکردن بۆ ئەو مەترسی هەبوو.

لەو کەین و بەینەدا، بیستمان کە فەتحی و شن گیان زەماوەند دەکەن، هەموو گەنجەکان لەبەر سەرسوڕمان، دەمیان وەك تەڵەی تەقیو کرایەوەو هەر یەکە قسەیەکی دەکرد، بەڵام کەس هۆی ئەو کارەی نەدەزانی.

فەتحی پێش ئەوەی نەخۆش بکەوێت بەنیادەم نەبوو، ئینجا ئێستا چۆن کە سەد کەموکووڕیی پەیدا کردووە، لەو هەموو گەنجە جوان و قۆزە خاوەن دایك و باوکە، بۆچی شن گیان فەتحی هەڵبژاردووە؟

هەفتەیەك دوای زەماوەندیان، دەنگوباسی تەڵاقدانی شن گیان بەرگوێی لاوان کەوت و هەموو شتێك روون بووەوە، کچەکە چەند مانگێك لەمەوبەر لەشار فریوی خواردبوو، ئینجا بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو کارە بەدەی، هاتبووە ئێرەو چونکە فەتحی لەهەمووان ساویلکەتر دێتە بەرچاو، شووی پێدەکات، ئینجا دوای چەند رۆژێك تەڵاقی خۆی لێ وەردەگرێت و دەچێتەوە شارو بەسەر بڵندی و بێ ترس تا شوو بەکابرایەکی سامانداری گەورە دەکات.

فەتحیش، بەڵێ فەتحیش کلۆڵ و بێ چارە ئێستا لاڵ بووەو دەشڵێن.... دەشڵێن، ئیدی لەپیاوەتی کەوتووە.

**سەرچاوە:**

**کۆمەڵە چیرۆکی (عشق أتشین)ی عەزیز نەسین.**